# بۆ ئەو کوڕە پارتییەی کە خۆی دەمامک داوە... دلاوەر قەڵادزەیی

dlawerquxa@yahoo. com

برای بەڕێز کاتێك گلەیی یا نامەیەك بۆ جەنابی سەرۆکی هەرێم دەنووسی، بۆچی خۆت دەمامك دەدەی؟؟!! تۆ ئەگەر راست دەکەی کوڕە پارتی ئەی پێت شەرمە ناوی دروستی خۆت بنووسی؟ جاری نازانین جەنابت چ تێکۆشەرێکی تا رەخنە لەم و لەو بگریت!

باسی وەزیری رۆشنبیریت کردووە، باشە بۆچی؟؟ئاشکرایە کە وەزیری رۆشنبیری پێشمەرگە بووە، تێکۆشەر بووە، شاعیر ونووسەرو رۆژنامەنووسیشە، لەوەتەی کراوە بە وەزیر وەزارەت دەرگای بۆ نووسەران و هونەرمەندانو شێوەکاران و. . . . . . . . والآیە. دەیان چالاکی جۆراوجۆری تێدا دەکرێت، کە لێرە ناتوانین باسیان بکەین، چونکە زۆرن.

سەرەڕای ئەمانەش، سامی شۆڕش چونکە پێشمەرگە بووەو هەموو خەڵکێکی تێکۆشەریشی خۆشدەوێت، ئیتر لەو تێڕوانینەوە بوو کە بڕیاری دا پاداشتی هەندێك کوڕی ماندووی رێی خەباتی کوردایەتی بکات، دەستی خۆشبێت کارێکی چاکی کرد، باشە ئەمە بۆ خراپە؟؟ باش نەبوو کاك سامی بەو پاداشتکردنەی هەموو عەیب و عارەکانی ئەو رۆژەی برادەرانی رادیۆی دەنگی کوردستانی (ئێستا) ی داپۆشی، ئەی ئەوە نەبوو بەرپرسانی رادیۆ کۆنە هینیان داوەت کردبوو!!! بۆ رەخنە لەوە ناگری کوی ئێستا بەرپرسی رادیۆی دەنگی کوردستانە و ئیشیشی ماشیییە!!!

راستە کاك سامی شۆڕش پێشتر یەکێتی بووە، بەڵام ئەگەر پارتی تەنها ئەوانەی بوی کە لە شۆڕشی ئەیلول بەشداریان کردووە، بی شك زۆر ناخایەنی بە کۆتا دێت، چونکە خودی (م. س) ی پارتی دەبێت نیوەیان دەربکرێن، سامی عەبدولرەحمان و مامۆستا سەعدو ملازم کەریم و فرەنسۆ هەریریو. . . . . . . . . چەندینی تر پێشتر لە حزبێکی ترەوە هاتوون و لە ناو پارتیش خوێنی خۆیان بەخشیو شەهید بوون، تەنانەت جێگری پارتی کە کاك عەلی عەبدوللایە پێش هاتنە ناو پارتی لە حزبی دیکە ئشی کردووە، دەستیشی خۆش بێت کوردایەتی کردووە.

پارتی خۆیشی نەیوتووە کوردایەتی تەنها لە ناو پارتی رەوایە، گرنگ ئەوەیە لە سەنگەری دوژمن بە کورد نەبی. کەچی ئەو برادەرە وا دەزانی هەنگوینی لە داری کلۆردا دۆزیوەتەوە، کاك سامی یەکێتی بووە، بەڵام پێشمەرگە بووە و تا هاتۆتە ناو پارتیش هەر کوردایەتی کردووە، ئێستاش بڕوای وایە لە ناو پارتی دەتوانی خزمەت و کوردایەتی زیاتر بکات، لە حەقیقەتیشدا وایە، خۆ وەزیرەکانی پێشتری رۆشنبیری پارتی بوون، خۆ بارزانی مەلا خالید لەوەتەی حکومەتی هەرێم هەیە بریکاری وەزیرە، کەچی کاك سامی کە کرا بە وەزیر هاتە سەر کەلاوەیەك تەنها لە وەزارەتی رۆشنبیری نەدەچوو، ئێستا خەریکی بونیاد نانەوەیەتی سەرلەنوی، یەك ساڵە شەوو رۆژ لەیەك دەدات، تا وەزارەتی رۆشنبیری بخاتەوە سەر پی، چونکە لە پی کەوتبوو. ئەی برادەر بۆ قسە ناکەی!!

تۆ ئەگەر پێت وابی پارتی نابی کەس بە خۆوە بگرێت، ئەوە مەرگ بۆ پارتی لی دەدەی، جارانیش پاسۆك و حزبی شیوعی وابوون، بۆیە نەمان. تۆ دەتەوی پارتیش بەو دەردە بچێت؟؟؟تۆ دەتەوی پارتی تەنها چاوی لە دەستی بارزان مەلا خالیدو خورشید شێرەو شێخەللاو مەلا عزیزو مەلا محەمەد بێت، مەبەستم شکاندنی ئەو بەرێزانە نیە ئەوانە تێکۆشەرن و دەبێت رێزیان لەسەر چاوان بێت، بەلام سەردەمی ئەوانەش بەسەرچوو، بڕوادەکەم خۆشیان هەر ئەوە قەناعەتیان بێت.

تێبینی: لەسەر رووپەڕی کوردستان نێت نووسرابوو ئەو بابەتانەی سبەی بڵاو دەکرێنەوە، ئیتر کە سەیرم کرد ئەو بابەتەی تێدابوو بە پێویستم زانی وەلامی بدەمەوە، بۆ ئەوەی هەر لەگەڵ وتارەکەی ئەو کوڕە نا پارتییە بڵاو بێتەوە، دەمەوی سوپاس و دەستخۆشیش لە کاك عومەر فارس بکەم کە بابەتەکانی سبەی بڵاو دەکرێنەوە رۆژێك پێشتر رایدەگەیەنێت. دەستی خۆشبێت.